# زمانی کوردی و نووسین

ئامادەکردن/ موئەید تەیب

کۆنترین نووسینەکانی زمانی کوردی کە گەیشتوونەتە ئێمە بەئەلفبێی عەرەبی بوونە.
ئەلفبێی عەرەبیش لەگەڵ ئیسلامدا پێش پتر لە هەزار ساڵ هاتۆتە ناو ئێمەدا.
بەڵام ئەلفبێی ئەوسا و ئێستا وەک یەک نەبوون و گەلێک دەسکاری تێدا کراوە بۆ ئەوەی بۆ خوێندنەوە ئاسانتر بێت.



عەرەبی شەمۆ

هەروەها زمانی کوردی بە ئەلفبێی ئەرمەنیش نووسراوە.
دوایی لە ئەرمەنستاتی سۆڤییەتی جاران زانایەک بەناوی (ماراگلۆڤ) لەگەڵ نووسەری کورد (عەرەبی شەمۆ) ئەلفبێی لاتینیان بۆ زمانی کوردی گونجاند.
لە دواییدا کوردەکانی سۆڤییەتی پێشوو ئەلفبێی کریلی واتە ئەلفبێی زمانی روسیان بەکار هێنا.



میر جەلادەت بەدرخان

پێش نزیکەی هەشتا ساڵ زمانزانی گەورە (میر جەلادەت بەدرخان) ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی ئامادەکرد و گۆڤاری پێ دەرخستن و ئێستا ئەو ئەلفبێیە لە کوردستانی سوریا و تورکیا و ئەوروپا بەکاردێت و ئەلفبێی عەرەبیش لە کوردستانی ئێران و عێراق دا و ئەلفبێی کریلیش دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت هیچ کوردێک بەکاری ناهێنێت.







## چەند نموونەیەک

### لە نووسینی کوردی بە ئەلفبێیەکانی عەرەبی، لاتینی و کریلی





| لاتینی | کریلی | عەرەبی |
| --- | --- | --- |
| xalxalok | халхалок | خالخالۆك |
| belatînk | бәлатинк | بەلاتینك |
| mêrî | мери | مێری |
| zîvzîve | эивэивә | زیڤزیڤە |
| tevinpîrk | тәвънпирк | تەڤنپیرك |
| mêş | меш | مێش |
| serteşîk | сәртәшик | سەرتەشیك |
| quling | qŏлънг | قولنگ |
| leglege | ләгләгә | لەگلەگە |
| kund | кŏнд | کوند |
| kew | кәw | کەو |
| kotir | котър | کۆتر |
| tawis | тawъс | تاوس |
| sivore | съворә | سڤۆرە |
| jîjî | жижи | ژیژی |
| çekçekîle | чәкчәкилә | چەکچەکیلە |



















